# ژیانەوە

ئیبراهیم میهماندوست
mehmandoost58@yahoo.com

ئەسپەکان!
زەرد زەرد تینووی غار غارێنن،
سوور سوور حیلەیانەو
بیٚسوار
رەش رەش سەرگەردان وێڵی سەحرانە
کوانیٚ سوار چاك
شەختەی سەرگەردانی دادرِێنیٚو
لە کەمینگا
سەوز سەوز رزگاریان کات؟
بەهار!
نەم نەم لە دڵی برووسکەدا دەزێتو
زەوی سات بە سات
چاوەرِوانی گوێزەبانەی بارانە
کوانیٚ دەستێکی مێهرەبان
تا بە تاسەی یار
هێور هێور گوڵێکی پێشکەش کات؟
رووبار!
بە هەڵقوڵینی کانیەك دەژێتەوە
باخچە بە پشکووتنی پنچکێك
ژیانەوەی ئێمەش بە بزەیەك
پێبکەنن توخوا با لێوەکانمان دانە دانە خونچە بکات!!

**کۆیە**

**رەزبەری ١٣٧٩ی هەتاوی**

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت